# چیرۆکی ژیانم

## ئەم چیرۆکە ئەفسانە نییە، بیخوێنەوە

**کامەران ناشاد**



دایك و باوكم دوو مرۆڤی تەواو پێچەوانەی یەکتر بوون، چارەنووس هەردووکیانی لەژێر کەپری هاوسەرێتیدا بەیەکەوە گرێدابوو. کاتێ من هەستم بەکێشەو قەیرانەکەیان کرد، باوکم لەبەرانبەر دایکمدا چۆکی دادابوو. دایکم کورسی دەستەلاتی پاوان کردبوو، دیکتاتۆرانە فەرمانڕەوایی دەکردو یەك لایەنە بڕیاری دەداو دەشبوایە جێبەجێ بکرێن. پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەمان لەئەستۆی باوکم بوو، کەچی وەك میوانێکی ڕەزاقورس ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرا. دایکم ئەگەر مەیلی هەبوایە شەوانە بۆ چەند کاتژمێرێك سەردانی ژوورەکەی باوکمی دەکردو لەلای دەمایەوە، ئەگەرنا باوکم بەتەنیا لەژوورەکەی خۆی دادەنیشت، بەناچاریەوە خۆی مەستو سەرخۆش دەکرد. زۆرجاران بەبەرچاوی ئێمەوە دەیگوت: ئەگەر لەبەر منداڵەکان نەبێ هەرگیز روو لەم کاولگەیە ناکەمەوە، بەڵام ئاخ دەستی ئەوانم شکاوە، نامەوێ لەدوارۆژدا نەفرەتم لێبکەنو بڵێن لەبەر خۆشی ژیانی خۆی ئێمەی وێڵو سەرگەردان کرد!!. نامەوێ منداڵەکانم باوەژنو باوەیاربیبینن، ئەگەرنا خۆم دەمزانی چیم دەکردو چۆن خۆم رزگار دەکرد!!.

باوکم لەنێو ژانێکی قوڵدا دەژیا، ئێمەش هۆشی ئەوەمان نەبوو خەمەکانی بخۆێنینەوە، دایکیشم بە ئەنقەست کۆڤانەکانی قورسو گرانتر دەکرد ئێمەی هاندەدا کە بەگوێی نەکەینو لاملی لەگەڵدا بکەین. باوکم رێنوێنی دەکردینو داوای لێدەکردین کە بخوێنینو داهاتووی خۆمان بنەخشێنین، ئەمە بەلای ئێمەی منداڵەوە بارێکی قورسو گران دەهاتە بەرچاوانو خۆشیمان لێنەدەهات. دایکم دڵی نەدەشکاندینو ئەوەی بمانویستبایە پێیدەداین، گوشاری چوونەفێرگەو دەرس خوێندنی لێنەدەکردین. ئەو لەوباوەڕەدابوو تا خوا بەندەی خۆی بژیەنێ، خۆراکی پێویستی پێدەدا، ئەو دەیگوت: تا ئێستا کەس لەبرسان نەمردووەو کەسیش لەبێ جێگەیی رەق نەبۆتەوە!.

ژیانی ئێمە وەك ژیانی زۆربەی خێزانەکانی دیکەی شار دووپاتبوونەوەبوو. شەوانە بەدیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشتین، دایکم سەیری فلیمی میسری دەکرد، ئێمەش لەدەورەیدا کۆدەبووینەوەو چەرەزاتمان دەقرتاندا. ئەگەرچی دایکم خوێندەواری نەبوو، بەڵام لەرێگەی ئەو فلیمانەوە زۆر بەباشی لەعەرەبی میسری تێدەگەیشتو بۆی دەکردین بەکوردی. دایکم وەها ئێمەی دانەخۆرەکردبوو کە بەتەنیا ئەومان بەگەورەو سەروەری ماڵەوە دەزانی، لەقسەی دەرنەدەچووینو پشتیوانیمان لێدەکرد. باوکم هەستی بە تەنیایی دەکردو لەژیان بێزار بووبوو، ئەو لەپێناو ئێمەدا درێژەی بەژیان دەدا. لەپێناو ئێمەدا کاری دەکردو رەنجی دەکێشا.

دایکم رێگەی نەدەدا سەردانی خزمو کەسەکانی باوکم بکەین، لەبەرچاوی ئەوانیشەوە خۆی وەك فریشتە پێشاندەداوباوکمی بەتاوانبارو کەمتەرخەم دادەناو دەیگوت: سەد جاران دەڵێم پیاوەکە با سەردانی ماڵە براو خوشکەکانت بکەین، با منداڵەکانمان یەکتر بناسن، بەڵام ئەو سەرێکەو هەزار سەودا، هەر دەڵێ باشەو بەگوێشمان ناکات!، ئەو لەبەر خواردنەوە ئاگای لەکەس نەماوە!. باوکم نەیدەویست لەبەرچاوی خزمەکانیەوە دمکەدمك و مشتومڕی لەگەڵدا بکات. ناچار تاوانەکەی دەخستە ئەستۆی خۆی، بیانۆی جۆراوجۆری دەهێنایەوەو وایدەکرد باسەکە بگۆڕدرێ. تا وای لێهات تەواوی خزمەکانی باوکم پەیوەندیان لەگەڵ ئێمە پچڕاندو لێمان دوور کەوتنەوە.

وردە وردە ئێمە گەورە دەبووینو هەستمان بەبێدەستەڵاتیو بێتاوانی باوکمان دەکرد، خەممان بۆ دەخوارد، بەڵام ئەو لەگەڵ گرفتەکە راهاتبوو، ئەگەر پاروەنانێ هەبایە دەیخواردو، ئەگەر نەشبایە دەنگی نەدەکردو بەتەنیا دەچووە ژوورەکەی خۆی هەڵدەکورما. دایکم هەوڵی دەدا ئێمە بەلای باوکم دانەشکێنینەوە. زۆر باشی لێدەزانی. رێگەی ئێمەی دەدا بەئارەزووی خۆمان چاوچاوانێ لەگەڵ کچانی گەڕەكو کچانی خزمەکانی خۆی بکەین، هەروەها هەرگیز کچەکانی خۆی زویر نەدەکردو بێدڵی ئەوانیشی نەدەکرد. دیسانەوە لەتەمەنی هەرزەکاریشدا ئێمە لاگیریمان لەدایکم دەکردو ئەومان خۆشتر دەویست. رۆلی دایکم هێندە کاریگەری نەرێنی هەبوو، وایکرد هیچمان خوێندن تەواو نەکەین. خوشکەکانم بەدوای یەکەوە شوویان کردو چوونە ماڵی خۆیان. ئەوانیش دەیانویست لاسایی دایکم بکەنەوە، بۆیە تەمەنی هاوسەرێتیان هێندە درێژ نەبوو. خوشکە گەورەکەم دوای ٨ مانگ تەلاق دراو گەڕایەوە لامان. خوشکە بچووکەکەشم تەنیا ٦ مانگ تەمەنی هاوسەرێتی پێبڕا. دیسانەوە هەموومان لەدەورەی یەکتر کۆبووینەوە.

ئەمجارەیان وەك جارانی دیکە نەبوو. خوشکەکانم دایکمیان تۆمەتبار دەکردو ئەویان بەتێکدەری ژیانیان دادەنا. بەم شێوەیە ناکۆکیو لالووتیو ناتەبایی سەریهەڵدا، دواتر بەرەو مشتومڕو شەڕو ئاژاوە رێچکەی بەست. ماڵ لەدۆزەخێکی گڕگرتوو دەچوو. خوشکەکانم لەگەڵ یەکتر بەشەڕ دەهاتنو پرچی یەکتریان رادەکێشا. دراوسێکان لێمان کۆدەبوونەوەو گاڵتەیان پێدەکردین. وردە وردە کەسایەتی ئێمە سووك دەبوو. ئەوجارەیان خزمەکان بەراستی بێبەریان لێدەکردینو لێمان دوور دەکەوتنەوە. بەخێزانێکی بێزراو سەیر دەکراین. هەموو کەسێك ئامادەنەبوو ژنو ژنخوازیمان لەگەڵدا بکات. خوشکەکانم بەناچارییەوە شوویان بەکەسانی بەتەمەنو ژن مردوو کردەوە. وەك دەڵێن بەختی یەکەمو تەختی یەکەم. خوشکەکانم وایان بەسەر هاتبوو، لەتەختی یەکەمدا بەختی خۆیان رەشکردبوو، دەیانویست لەدووەمیندا تۆڵە بکەنەوەو دەستی خۆیان بوەشێنن. زۆر نەرمو لەسەرخۆ هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئەگەر لەماڵەوە گرفتو ناخۆشیشیان هەبایە، لای دایکم باسیان نەدەکردو بۆ کەسیان نەدەگێڕایەوە. سۆزو خۆشەویستی خۆیان بۆ باوکم پێشان دەداو دەیانویست بە تەواوی بەلای باوکمدا بشکێننەوە. دایکم لەو رەفتارەی ئەوان پەستو نیگەران بووبوو، هەوڵیدەدا کوڕەکان بەلایەنگری خۆی بهێڵێتەوە. ئێمەش دەبووایە خەمی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بخوین، کە داخوازی هەر کچێکمان دەکرد، لەبەر دایکم رەفز دەکراینەوە. وردە وردە نێوانی ئێمەش لەگەڵ دایکم بەرەو گرژیو تیرەیی رۆیشت. ئێمە ناچاربووین بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و ماڵی سەربەخۆ واز لەدایکم بهێنینو بۆ لای باوکم بادەینەوە. سەرەتا من ژنم هێناو چوومە دەرەوە، دواتر براکەی تریشم لەدایکم دوورکەوتەوەو. سەرئەنجام دایکمو باوکم بەیەکەوە مانەوە. خوشکەکانم لەماڵی خۆیان بوون، بە دەگمەن نەبووایە سەردانی دایکمیان نەدەکردو بایەخیان بەقسەو رەفتارەکانی دایکم نەدەدا. ئێمەش خەریکی کارکردنو ماڵ بەخێوکردن بووین، جارجارە سەردانمان دەکرد. دەڵێن هەرگیز بووك خۆشی لەخەسووی نایەت، ئەمە بۆ هاوسەری منو براکەم سەد لەسەد راست بوو، ئەوان حەزیان نەدەکرد چاویان بەچاوی دایکم بکەوێ، بەڵام زۆر رێزی باوکمیان دەگرت. ئەگەر خواردنی خۆشیان دروست بکردایە، دەچوون بەدوای باوکمو دەیانهێنایە ماڵەوە. دایکم رۆژ دوای رۆژ رق ئەستوور تر دەبوو. لەهەموو شوێنێ گلەییو گازاندەی لەبووکەکانی دەکرد. جنێوی بە ئێمە دەداو بەترسنۆكو ژنپەرستی ناودەبردین. باوکم هەستی بە ئارامی دەکرد. منداڵەکانی هەموویانی گەورەبووبوون، ماڵو منداڵی خۆیان هەبوو، منەتی بە دایکم نەمابوو. پەلپو بیانۆی پێدەگرتو دەیویست لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. دایکم هەستی بە نەمانی دەستەڵاتی خۆی دەکرد. رۆژ دوای رۆژ لەڕو لاوازتر دەبوو. سەرباری ئەوشەوە دەیویست دڵی باوکم بەلای خۆیدا رابکێشێتەوەو هەوڵی لەگەڵ بدا تا رابردووی تاڵ لەبیر بکات. باوکم سەختگر نەبوو، نەیدەویست تۆڵەی

## دەروون

### پشووی بێ پلان

***دنیا***

ئەوەی کە زانراو و باوە لەناو سەرجەم حکومەتەکانی دنیادا، دانانی پلانی بەڕێوەبردنی وڵاتە کە ساڵانە تۆماردەکرێو نەخشەو پلانی بۆ ئەکێشرێ. لەو پلانەدا جگە لەشتە کتو پڕو چاوەڕوان نەکراوەکان ووردو درشتی کارەکانی حکومەت ئەخرێتە ناو پلانەکەوە.

رێکخستنی دەوامی فەرمانگەو زانکۆو خوێندنگاکان یەکێکە لەکارە پێشینەکانی ئەو پلانە، لەناو رێکخستنەکەشدا سەرجەم پشووەکان لەرۆژ ژمێرە یاساییەکاندا دیاری ئەکرێتو ئیتر تا ئەو حکومەتە لەکاردابێت ئەو رۆژە پشووی رەسمییەو خەڵکی پێی رادێنو پێویستیان بە کەناڵی راگەیاندن نییە تا پێیان بڵێ بەیانی پشووە یان نا.

سیستەمی پەروەردە شادەماری دەوامی حکومەتەو هەموو خێزانێکی ئەم وڵاتە بەشی خۆی خوێنی هەیە لەناو ئەو دەمارەدا، لاوازبوونی ئەو سیستەمە یان پشێوی کەوتنە ناو ئەو سیستەمە، مانای پشێویو بێ پلانی حکومەت ئەگەیەنێ. داخەکەم ئەوە دووساڵەو بەتایبەتیش ئەم ساڵ بەهۆی پشووی زۆرو بێ پلانو بێ ئاگاداری پێش وەخت زەبری کوشندە درا لەو سیستەمە، پەرلەمانی کوردستان بەو هەموو ئیمکاناتەوە وازی لەکۆمەڵێ کێشەو ئیشو کاری دیکە هێناوەو دانیشتن لەسەر دیاری کردنی رۆژەکانی پشوو ئەکات، رەنگە بۆ هەندێ ئەندام پەرلەمان زۆر ئاسایی بێت کە فلان رۆژ بە فلان هۆوە بکرێ بەپشوو، بەڵام بەلای خوێندکارێکی ئامادەییەوە زۆر خراپە، چونکە رەنگە ئەو پشووانە ببێتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستیو دوایش دابەزینی نمرەکانیو لەکیس چوونی کۆلیژێکی باش. سەرەڕای ئەوەش ئەوە ١٥ ساڵە راپەڕین کراوە بۆچی تازە بەتازە ئەو بۆنەو یادانە ئەکرێت بەپشوو، کە ئەشکرێت تەنها لەیەك کەناڵی حزبییەوە بڵاوئەکرێتەوەو نیوەی هەرێمەکە دەوام ئەکاو نیوەکەی دیکە لەماڵە.. ئەمە چ سەر لێشێوانو چ بارێکی خراپی سایکۆلۆجیو چ بێ متمانەییو بێ بڕواییەك لەنێوان خەڵك، مامۆستا، خوێندکارو حکومەت دروست دەکات.. ئێ خۆناکرێ هەموو یەکێك لەئێمە رادیۆیەك لەبن گوێی بێتو متابەعەی پشووەکان بکات، ئەی مامۆستاو خوێندکارەکانی لادێی دوور لەتۆڕی مۆبایلو کارەبا چیبکەن، کەی دەوام بکەنو کەی بیکەن بەپشوو؟.

مامۆستایەك هەقی خۆیەتی بڵێ مادام من داوای دەفتەری پلانم لێ دەکرێت داوا لەحکومەت بکەم پشووەکان لەدەفتەری پلانی خۆیان تۆماربکەن. ئەگەر دەفتەریان هەیە، وەبەرۆژ ژمێرێکی رەسمی دیاری بکرێت.

## بۆوا دەکەن ڕقمان لەسەگ بێتەوە؟

**ئازاد مارف**

هەموو تاقیکردنەوە زانستیەکان دووپات لەسەر زیرەکی سەگ دەکەنەوەو بە گیانلەبەرێکی بەوەفای دادەنێن کەچی ئێمەی کورد وا ڕاهاتووین هەر لەخۆڕاوە منداڵەکانم بە سەگ زراو ڕژێن بکەین. منداڵ لە تەمەنێکدا رەش و سپی لەیەکتر ناکاتەوە، رق و ناحەزی نازانێ، کاتێ دەگری یان داوای شتێ دەکا، گەورەکان دەیترسێنن و پێیدەڵێن: (وەو وەو هات). یاخود ئەکتەر ئاسا رۆڵ دەنوێنن و دەڵێن: (چەغە برۆ، مەیە ژووری و فلانە منداڵ نووستووە). ئیدی لەو رۆژەوە لە هزری منداڵدا ناحەزییەك بەرانبەر سەگ دروست دەبێ، کاتێ دەچێتە فێرگەش، مامۆستا بەدەنگی بەرز دەڵێ: ئای زەردە زۆر زۆر درە. کاتێ منداڵەکان لەدەمی مامۆستاکەیەوە دەبیستن کە زەردە درە، ئیدی ترسێك سەرتاپای دەروونیان دادەگرێ، هەر لە خۆیانەوە دوژمنایەتی بەرانبەر سەگ رادەگەینن. ئەگەر تووتکە سەگێك، یان سەگێکی بەرەڵلا ببینن، کۆمەڵێك لێی کۆدەبنەوە و بەرد بارانی دەکەن. لەوانەیە ئەو سەگە بە سۆزەوە بەرەو لای منداڵەکان بێ، بەڵام چونکە لە هزر و دەروونی منداڵەکاندا ناحەزی و دوژمنایەتی جێگیر بووە، ئیتر جگە لە لێدان و راونانی بیر لە شتێکی دیکە ناکەنەوە. من بۆخۆم یەکێك بووم لەو منالانەی کە زۆر رقم لە سەگ دەبۆوە. دایك و باوکم وایان بار هێنابووم کە نابێ دەست لە سەگ بدەم، ئەگەر دەستم بەر سەگ بکەوتایە دەبوایە ئاوەگڵی بکەم. واتە دەبوایە بەخۆڵە سوور بیشۆم و پاکی بکەمەوە. تەنانەت هەر لە خۆڕاوە حەزم بەدەنگی سەگ نەدەکرد. کاتێ سەگێك دەوەڕی و حەپە حەپی دەکرد من لە جێگەی خۆمەوە



قوزەلقورت و سێ سندانم بۆ دەنارد. تا لە کوردستان بووم سەگم بە ئاژەڵێکی نا شیرین و قێزەوەن دادەنا، بەڵام کاتێ هاتمە ئەورووپا و بینیم خەڵکێکی زۆر بەجووتە پیاسە لەگەڵ سەگەکانیان دەکەن، یاریان لەگەڵدا دەکەنو خواردنی باشیان بۆ دەکڕن، ئیدی بۆچوونم بەرانبەر سەگ گۆڕا. من دراوسێیەکم هەیە، ناوی ئێلینایە. ئەو بەتەنیا لەگەڵ سەگەکەیدا دەژی. سەگەکە ناوی مینۆیە. زۆر بەجوانی سەگەکەی دەڕازێنێتەوە قژی شانەدەکاتو قردێلەی بۆ دەبەستێ ئەگەر بەفرو باران نەبێ، هەموو ئێوارانێك پیاسەی لەگەڵدا دەکات. مینۆ لەکۆرپەیەکی ساوا دەچێ، رەفتاری بەرخۆڵەیەکی دەستەمۆ کایەدەکا. خۆی لەقاچەکانی هەڵدەسوێ. بە دەوریدا دەسوڕێتەوە. زۆجاران کە ئێلینا دەبینم، مینۆ بەرەو رووم دێ هەڵپەدەکات خۆی لەباوەشم باوێ، بەڵام من دەسڵەمێمەوە، بۆ دواوە دەکشێمەوە. ئێلینا وادەزانێ لێی دەترسم بەپێکەنینەوە دەڵێ: لێی مەترسە، ئازاردەر نییە، تۆی خۆشدەوێو دەیەوێ خۆشەویستی خۆی پێشان بداتو کایەت لەگەڵدا بکات!. من پێیدەڵێم: لێی ناترسێم، بەڵام وا راهاتووین کە لێیان نزیك نەبینەوە ئێلینا پیرەژنێکی تەمەن ٦٠ ساڵان دەبێ. لەوانەیە گەورەتریشبێ، بەڵام لەم وڵاتە نابێ لەتەمەنی کەس بپرسی. ئەمە پرسیارێکی پێرسۆناله (تایبەتە) بەخۆ هەڵقورتاندن لەکاروباری دیتران پێوانەدەکرێ. ئێلینا هێندە مینۆی خۆش دەوێ، زۆرجاران راستگۆیانە دەڵێ: مینۆ بەوەفاترین کەسە، جێم ناهێڵێو لێم دوورناکەوێتەوە. منداڵەکانم گەورە کردن، بەجێیان هێشتم. دوای ٣٠ ساڵ بەیەکەوە بوون، شووەکەم وازی لێهێنامو چوو کچێکی تایلەندی خواست. ئێلینا دەڵێ: مینۆ نەپرتەو بۆڵە دەکات. نە بەدوای خەڵکی دیکە دەکەوێ، نە درۆ دەزانێو نە فێڵێشم لێدەکات. ئێلینا دەڵێ: من باوەڕم بەزۆربەی پیاوان نییە ئەوان ئەگەر یەکێکی ناسکترو جوانتریان دۆزییەوە، بەئاسانی وازت لێدێنن، بەڵام مینۆ هەرگیز وازم لێناهێنێ، لەگەڵمدا دەژی یان من ئەو دەنێژم یان ئەو تا سپاردن بە خاك لەگەڵم دێت. ئێلینا بەو تەمەنەشەوە رۆژانە ٦ کاتژمێر کار دەکات. کاتێ بۆ سەر کار دەچێت، مینۆ دەگەیەنێتە شوێنی راگرتنی ئاژەڵان، ئەو دەڵێ: دڵم نایە لەماڵەوە بەتەنیا جێی بهێڵم، ئاخر دڵتەنگ دەبێ، دەکوروزێتەوە. من کە لەقسەکانی ئێلینا ورد دەبمەوە، وانەیەکی گەورەی لێ فێردەبم ئێمە نەك تەنیا سەگ راو دەنێینو ئازاری دەدەین، کەچی پیرو پەککەوتەکانی خۆشمان لەژوورەوە جێدەهێڵین. هەندێ جار بەمانگو ساڵانیش سەردانی بەساڵاچووان ناکەین. منداڵەکانم وەك من نین، سەگیان خۆش دەوێ، زۆرجاران کە دەستی کوڕە چووکەکەم دەگرمو پیاسەی لەگەڵ دەکەم، دەبینم ئێلیناش لەگەڵ مینۆ پیاسەدەکات. کوڕەکەم لەمینۆ ناترسێ، دەستی پێدادێنێو بەوردی سەرنجی لێدەداتو داوام لێدەکات سەگێکی لەوێنەی مینۆی بۆ بکڕم، بەڵام کە ئەو باسە بۆ هاوسەرەکەن دەگێڕمەوە، تووڕە دەبێو دەڵێ: سەگ بێتە ئەم ماڵە، من لەم ماڵە نابم!. ئیتر کەیفی خۆتانە یان من یان سەگ!. زۆرجار منیش بەپێکەنینەوە پێدەڵێم: گوڵەکەم تۆ بەهەزاران سەگ ناگۆڕمەوە. کەچی لەم وەڵامەشم سڵدەکاتەوەو زویر دەبێ. جاری وا هەیە چەند رۆژێك لەسەر ئەم وەڵامە لالووت دەبێ. هەندێجار کوڕە چووکەکەم گرو دەگرێو داوی دیداری مینۆ دەکات. من دڵی ناشکێنم، تەلەفۆنێك بۆ ئێلیانە دەکەمو دەڵێم: یان مینۆ بێنە بەر دەرگا با کوڕەکەم چاوی پێبکەوێ، یان موزاحیمت دەبینو دێینە ماڵ. زۆرجار فەرموومان لێدەکاتو دەچینە ماڵەکەی. مینۆ وەك خاوەن ماڵێکی بەرێز خۆشەویستی بەرانبەر میوانە بچکۆلەکەی پێشان دەدات. من سەیری کتێبخانەکەی ئێلینا دەکەم، دەبینم کتێبخانەکەی پڕ لەکتێبی کۆنو جوانە. کۆمپیتەرەکەی هەمیشە رۆشنە، ئەو دەڵێ: ئەم ئینتەرنێتە جیهانی هێناوەتە نێو ماڵەکەم. لەژوورەکەی خۆمەوە تەماشای هەموو جیهان دەکەم. رووداوەکانی وڵاتان دەبینم، تەنانەت سەیری رێگاوبانی شارە پێشکەوتووەکان دەکەم. هاموشۆی ئۆتۆمۆبیلەکان دەبینم، بەڵام کاتێ دەبینم مینۆ حەز بەکۆمپیتەر ناکات، ناچار دەبم بچم تەماشای بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بکەم، چونکە مینۆ چێژ لەبەرنامەی کارتۆن وەردەگرێ.

من لەوەتەی مینۆم ناسیوە هەست بەپەشیمانی دەکەم کە جاران رقم لەسەگ بۆتەوە، بە بەرد راوم ناونو لێمداون. هیوادارم چیتر دایكو باوکان لەخۆڕاوە منداڵەکانیان نەکەن بە دوژمنی سەگو تۆی رقو دوژمنایەتیان لەمێشكو دەروونیدا نەچێنن.